**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠٠٩**

به پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەمی) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و به پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی له خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٦) له ٢٠٠٩/٤/١٥ بڕیارماندا به دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩

پشت بەستن بەحوکمی ماددەی ( ٥٦ ) بڕگەی (٣) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و ماددەی (دەیەم) بڕگەی (دووەم) له یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو ،لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، پەرلەمانی کوردستان–عێراق له دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) له ٢٠٠٩/٤/١٥ خۆیدا ، بڕیاردرا:–

یەکەم : بەدەر له حوکمی ماددەی ( دەیەم / دووەم )له یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو دەسەڵات به سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق دەدرێ کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان–عێراق دیاری بکات و بانگهێشتی بۆ بکات پاش تەواو بوونی پێداویستیه کردەتییەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە.

دووەم : پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکـــانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

سێیەم : ئەم بڕیارە له ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و له ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
٢/ گوڵان/٢٧٠٩ ی کوردی
٢٦/ ربیع الثاني/١٤٣٠ ی کۆچی
٢٢/ نیسان/ ٢٠٠٩ ی زایینی

**هۆیەکانی دەرچوواندنی**

لەبـــەر نـــەبوونی پێداویـــستە پێویـــستەکان لـــە لایـــەن کۆمـــسیۆنی بـــاڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانـــەوە بـــۆ ئەنجامـــدانی هەڵبژاردنـــەکان بـــەپێی پێـــوەرە نێودەوڵەتیـــەکان لـــەکاتی دیـــاری کـــراوی خـــۆی وای کـــرد مـــاوە یاســـاییەکە بـــۆ بانگهێـــشت کـــردن بـــۆ ئەنجامـــدانی لـــە لایـــەن ســـەرۆکی هەرێمەوە تێپەڕێت . بۆیە ئەم بڕیارە دەرکـرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM